# جیهان بێ ئەحمەدی نەژاد

## سەلاحەدین بایەزیدی

درێژەی بابەت

"پێویستە ئیسرائیل لە سەر نەخشەی جیهان بسردرێتەوە"، ئەو رستەیەی مەحموود ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران لەکۆنفرانسی "جیهانی بێ زایۆنیزم"، کاردانەوەی لە ئاستی نێونەتەوەیی و دیپلۆماسی دا لەوە زیاتر بوو کە ئەحمەدی نەژاد خۆی بیری لێ کردبێتەوە. وێدەچێ ئەحمەدی نەژاد هێشتاش نەیزانیبێ لە سەر کام مینبەر قسە دەکات و لە چ پۆستێك دایە. ئەحمەدی نەژاد کە بە قەڵافەت و شێوە لە سەربازە بەوەفا و گومناوەکانی ئیمام دەچێت و لە گەوهەریش دا دەیهەوێ خۆی سادە و "خەڵك ئاسایی" نیشان بدات، لە شوێنە رەسمیەکان و بەردەم بڵیندگۆکان دوراوەیە. چونکە ئەو هێشتا زمانی دیپلۆماسی و زمانی سەربازێکی بەوەج و بێ پەردەی ئیمامی لێك جوێ نەکردۆتەوە و نازانێ کە ئەم قسانە لە یەك کات دا دەبنە مانشێتی بە هەزاران رۆژنامە لە سەرانسەری جیهان دا.

ئەمە یەکەم جار نییە کاربەدەستێکی باڵای کۆماری ئیسلامی ئێران وا راشکاوانە و بوێرانە دژایەتی خۆی لە بەرامبەر ئیسرائیل نیشان دەدات و خوازیاری لە ناوچوونیەتی. قسە مێژووییەکەی (هەڵبەت لە روانگەی سەیر بوونیەوە)خومەینیش کە" ئەگەر هەر موسڵمانێك دەبەیەك ئاو بە ئیسرائیل دا بکات، ئەوا ئەو رژێمە ئاو دەیبات" نموونەیەکی بچووکە. لە راستی  دا ئەمە فەلسەفە و رێبازی ئەم رژێمەیە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا. بیری فەندەمینتالیانە و دژی ئیسرائیلیانەی زاڵ بە سەر موحافیزە کارانی ئێران دا کە بەردەوام قسەی یەکەمیان لە دەسەڵات دا کردووە، بنچینەیەکە لە پاشماوەکانی بیروبۆچوونی خومەینیی دامەزرێنەری رژێم. دوابەدوای ئەویش بۆچوونی ئاماژەپێکراو لە خوتبەکانی رۆژی هەینی و کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تردا بنێشتە خۆشکەی سەرزاری ئاخوندەکان بووە. لێ جیاوازی ئەم وتانە و ئەوانەی ئەحمەدی نەژاد لەوەدایە کە ئەوان لە مینبەری نوێنەرێکی رۆحانیەوە قسە دەکەن و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا هیچ شەرعییەتێکیان نیە و شیاوی بەرپەرچ دانەوە نین. ئەوان لەو بەشە لە سیستەم دا جێگە دەگرن کە سیستەمەکە دەسکردەی خۆیانە و لە یاساکانی نێونەتەوەیی دا هیچ مانایەکی نیە. بەڵام جیهان بە چاوی سەرۆك کۆمار و هەڵبژاردەی گەل!! لە ئەحمەدی نەژاد دەڕوانێ و بچووکترین پەیڤی، شیکردنەوە و راڤەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە ئەشێ لە بێبەختی ئەحمەدی نەژادەوە  بێت، چوونکە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد لە گەڵ هی خاتەمی و رەفسەنجانی جیاوازی زۆرە، ئەگەر ئەم قسانە لە سەردەمی رەفسەنجانی دا هێندێك ئاسایی هاتبایە بەرچاو، ئەوا لە سەردەمی ئێستا قورسایی زیاترە. چاوی جیهان ئەمرۆکە لە سەر ئێران و سوریایە. واتە خوازیارانی گۆڕانکاری لە خۆرهەڵاتی ناوین و لە سەرەوەی هەموویانەوە ئەمەریکا چاوەڕێی شتێکی بەم جۆرەن تاکو پەلپ و بیانووی پێ بگرن و مەشروعیەت بدەن بە گوشارەکانیان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی و زۆربەی رای گشتی جیهانیش بخەنە پاڵ خۆیان.

ئەحمەدی نەژاد بێ پەردە و هەڵماڵراوانە نیاز و پیلانەکانی رژێمەکەی دەهێنێتە زمان،چونکە پێ وایە پێشتریش ئەم قسانە لە لایەن بەرێوەبەران و لە سەرەوەی هەموویانەوە خومەینی دەربڕاوە. دیارە هەر لە گەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتیشی وەها راشکاوانە باسی لە پیلان و بەرنامە ناوەکیەکانی ئەم رژێمە کرد و لەم بوارەشەوە جیهانیانی دڵنیا کردەوە. جگە لەمانە گەڕاندنەوەی باندی تیرۆریستان و خاوەن فایلەکان بۆ ناو پرۆسەی دەسەڵات ئەوەندەی تری نیگەرانی خوڵقاندووە.

شەرمەزار کردنی ئەحمەدی نەژاد لە لایەن زۆربەی دەوڵەت و لایەن و کەسایەتیەکانەوە بگرە فەلەستین و هەروەها لەناو خۆی ئێرانیدا هەنگاوێکە بۆ ئەوەی چیتر رێگە بەم رژێمە نەدرێ، هەوڵی سەر خستنی پیلانە نائینسانیەکانی بدات. هیچ کات وەك ئێستا جیهان هاودەنگ نەبووە لە بەرپەرچ دانەوەی ئێران و هەوڵ دان بۆ دانانی سنوورێك لە بەردەم ئەم رژێمە.بۆیەش جێگەی ئومێدە بەوەی کە

دنیا رووی راستەقینەی رژێمی ئێرانی بۆ دەرکەوآ و چیتر بە سازش و هاوکاری دیپلۆماسی و بازرگانی لەگەڵ ئەم رژێمە خزمەت بە پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی  لەو وڵاتە نەدەن.